# با ڕۆژی جێبەجێکردنی سزای سەر تاوانکارانی ئەنفال بکەینە ڕۆژی داخوازی گشتی " دادگاییکردنی سەرجەم تاوانکاران به بێ جیاوازی"

**کەس و کاری قوربانیان**

**هاووڵاتیانی کورد**

**پارت و ڕێکخرا و کۆڕو کۆمەڵە کوردی و کوردستانیەکان**

هەمولایەك ئاگادارن تاوانی ئەنفال زیاتر لە 195 ڕۆژ درێژەی کێشا و بەشی زۆری کوردستانی گرتەوە و زیاتر لە 182000 مرۆڤ لە جەرگەیدا بە دڕندانەترین شێوە لە ناوبردرا , جگە لەو 7 تاوانبارەی کە دادگاییکران , سەدان تاوانکاری دیکەش چالاکانە بەشداربوون لە ئەنجامدانی ئەوتاوانە , بانگ کردنی 423 کەس لە لایەن دادگاوە , هەنگاوێکی باشە بۆ دادگایکردنی سەرجەم تاوانکاران و بە دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکە , دیارە جگە لەوانە زۆری دیکەش هاوکارو بەشدار بونە لەو تاوانە مەزنە , کەچی مخابن تاکو ئێستا بانگ نەکراون بۆ دادگا , بەهۆی ئەوەوەی یان دۆسیەکانیان ئاشکرانەکراوە , یاخود کەسوکاری قوربانیان بەهەر هۆیەکەوە بێت سکاڵایان لەسەریان تۆمارنەکردووە لە دادگا .

ئێمە بانگەوازی سەرجەم هاووڵاتییە خۆشەویستەکانمان بە گشتی وە کەس و کاری قوربانیان بە تایبەتی دەکەین , ڕۆژی جێبەجێکردنی سزای سەر تاوانکاران بکەینە ڕۆژی هەڵمەتی گشتی بۆ بە دادگاییگەیاندنی سەرجەم تاوانکارانی ئەنفال بە بێجیاوازی و پاکسازی ڕیزی سەرجەم دەزگاو لیست و حیزب لە تاوانکاران .

شەرمە تاکو ئێستا لە کوردستاندا پارتی سیاسی هەبێت سەرۆکەکەی لە لیستی تاوانکاراندا بێت , سەدان تاوانکار ناویان لە لیستی شەهیدان و پێشمەرگەی خانەنشینکراودا بێت , بەعسی و تاوانکاران لە پێگەی کارگێڕی گرنگدا بن , هیچ هاوکارییەکی دادگای باڵای تاوانەکان نەکرێت بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو گومانلێکراوانەی ناویان لە دادگا هاتووە .

وەرن با پێکەوە لە هەڵمەتێکی گشتیدا هەموو بە یەك دەنگ لە ڕۆژی جێبەجێکردنی سزای سەر تاوانکاران , بە دەنگی بەرز داوا بکەین " هەموو تاوانکاران بەبێ جیاوازی بۆ دادگا ".

**ناوەندی چاك**

2007-9-4

www.chak.be